ئەرجەنتین و هەشبە سەری مرۆڤی کورد!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

تا ئێستا، هەموو ئەوانەی خولیایەکی گەورەیان بە وەرزش هەیە و بە تایبەتی فوتبال و میسی دڵگرین و گەر ئەرجەنتین بدۆڕێت، دڵتەنگ قورم بەسەری بووە، پرسیاری ئەوەیان لە خەیان کردووە دەربارەی ئەنجامی ئەو هەموو لێهاتووییەی میسی و تایبەتی لە داهاتوودا لەوەرزشدا چی دەبێت؟ گەر وەرزشوانێك ئەفسانەیی و ئێستێرەی تێپی بێت، دەتوانێت خزمەتێك بە مرۆڤایەتی بکات؟ یان ئەو لە سەر ساویلکەیی جەماوەرەوە دەبێتە ئێستێرەو تەنها ئامانجی دەستی بایی پێنجا ملیۆن دۆلار دەبێت؟ لە ڕاستیدا، وەرزش تاکە کایە و بواری زیانەی، کە مرۆڤ ناگەیەنێتە هیچ، وەرزش تاکە خولیایە، کە مرۆڤکان لەوسەری بەدەستی بە تاڵ تێیدا دەنێ دەرەوە، من زەرجار دڵتەنگم لە کەمتەرخەمی ئەمەندەی سەرسامی میسی و تایبەتی فوتبال و بڕشە و ئیالن، گەر کتێبەمان بخوێنبووایەوەو ئاشنای کولتووری خوێندەوە بووینایە، ئێستا لە ژاپۆن پێشکەوتووتر دەبووین. مەبەستەکە لێرە، هەواداریی نییە کە مرۆڤ ئازادە لەوەی هەواداریی کام یاریزان و تیپێ، بکۆ مەبەستەکە قووڵتر ڕوانینە. گەر پزیشکێك بگاتە لوتکە و هەندێ شارەزاو لێهاتووبێت لە کایە زانستییەکەی، بگومان خزمەتکانی گەورەتردەبن بە نەخۆش و مرۆڤایەتی، گەر مامۆستایەك لە پیشکەیدا هەندێ پەرەوەردەیی و پێشبکەوێت، دەتوانێت کاریگەریەتی زیاتر لەسەر نەوەکان دابنێت، گەر ئەندازیارێك لە کارەکەیدا پێشبکەوێت، ئەوا دیزاینی نەخشەی داهێنەرتر و جوانتر و نوێتر دروست دەکات. گەر فیتەرێك شارەزایی لە چاککردنەوەی ئوتومبێل زەرتر بێت پیشەمەندتر دەبێت، وەستایەکی چاککردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانیش بەهەمان شێوە، بەڵام گەر وەرزشوانێك بگاتە لووتکە، دەتوانێت چی بکات بە مرۆڤایەتی؟ پێش کریستیانۆ و میسی، ئەمە زیکە، بیلیە،غولێت، پیکنیاوەر، ئەماریە، بیکهام، ئەحمەد ڕازی، عەلی دای و چەندانی ترمان هەبوون، ئێستا ئەمانە لە کوێن؟ ناویان لە کولەکەی تەڕیش ماوە؟ بیرم نایێت یاریەکی وەرزشی، بە شەر ِ و جوێن و پێلامار کەتایی هاتبێت، زەدان کە ئەفسانەبوو، بەکەڵە لە سنگی یاریزانێکی دا، مارادۆنا، بە هەی تلیاکەوە مرد، وەرزش تاکە خولیایە مرۆڤ ناگەیەنێتە هیچ، کەچی گاڵتە جاریەکە لەوەدایە، کچێکی جوانی کورد کەدەی سەد کۆی کوردی جوان و قارەمان و مەرخاسی شکاندووەو لەوانیە ئەفزی پێ دابێت، دێت بە میسی و

دەڵانی ئەرجەنتین دەگریت. دە هەندە بگریە کە نەك جارێك، تا هەزاران جار هەشت بەسەر دەبیت !تە بەچی بە پێشمەرگەیەکی قارەمان ناگریی کە بەرگریی لە خاك و شکۆو خاك و نیشتمانەکەت دەکا، چیت داوە لەوەاتەك کە شەش هەزار میل لەتەوە دوورەو هەر نازانە کورد کێیەو کوردستان لەکوێیە؟

سەدیق سەعید هەواندزی